السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە دانیشتنی (حیبوە) لە ڕۆژی جومعەدا لەکاتێک ئیمام وتار دەدات

لە موعازی کوڕی ئەنەسی جوهەنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە دانیشتنی (حیبوە)* لە ڕۆژی جومعەدا لەکاتێک ئیمام (وتاربێژ) وتار دەدات». *(حیبوە: جۆرە دانیشتنێکە سمتی لەسەر زەوی دادەنێت وهەردوو پێیەکانی بەرز دەکاتەوە وبە دەستەکانی دەیانگرێت، نەهی لێکراوە چونکە لەوەیە عەورەت -شەرمگەی- مرۆڤ دەربکەوێت بەهۆی ئەم دانیشتنەوە بە تایبەت ئەگەر مرۆڤ (یەک جلی لەبەردا بوو

[حەسەنە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە هەڵوەشاوەتەوە -نەسخ کراوەتەوە- هەروەکو ئەبو داود ئاماژەی پێکردووە، وماناکەی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە دانیشتنی حیبوە* لە ڕۆژی جومعەدا لەکاتێک ئیمام (وتاربێژ) وتار دەدات. (الحِبْوَة:حیبوە) : جۆرە دانیشتنێکە سمتی لەسەر زەوی دادەنێت وهەردوو پێیەکانی بەرز دەکاتەوە بەرەو ئاراستەی سکی وبە دەستەکانی دەیانگرێت، یان خۆی بە پەڕۆیەک یان هەرشتێکی تر دەبەستێتەوە، ئەم جۆرە دانیشتنە نەهی لێکراوە چونکە لەوەیە عەورەت -شەرمگەی- مرۆڤ دەربکەوێت بەهۆی ئەم دانیشتنەوە بە تایبەت ئەگەر مرۆڤ یەک جلی لەبەردا بوو، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێکردووە لەبەر دوو هۆکار: 1- لەوەیە ئەم جۆرە دانیشتنە ببێتە هۆی خەوتن؛ بۆیە لە کاتی وتاری جومعەدا دەخەوێت. 2- لەوەیە ئەم جۆرە دانیشتنە ببێتە هۆی با دەرچوون لە نێو سکەوە بەهۆی بەرزکردنەوەی قاچەکان بۆ ئاراستەی سک. 3- هۆکارە بۆ دەرکەوتنی عەورەت؛ چونکە هەندێک خەڵک لەو کاتەدا یەک جلیان لەبەردا لە سەرەوە بۆ خوارەوە، بۆیە ئەگەر بەو شێوەیە دابنیشتایە ئەوا عەورەتی دیار دەبوو، بۆیە نەهی لێکراوە، هەروەکو لە گێڕانەوەی (مسلم) دا هاتووە: (أنَّ رَسولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ نَهَى: وَأَنْ يَحْتَبِيَ في ثَوْبٍ وَاحِدٍ كَاشِفًا عن فَرْجِهِ) واتە: (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە کە بە شێوەی حیبوە دابنیشێت کاتێک یەک جلی لەبەردایە؛ چونکە عەورەتی دەردەکەوێت)، ئەمە تایبەتە بە کەسێک یەک جلی لەبەردا بێت لە هەموو کاتێکدا. ئیمامی نەوەوی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: ئەم جۆرە دانیشتنە -حیبوە:ئیحتیبا:الاحتباء- خووی عەرەب بوو کاتی دانیشتنەکانیاندا، ئەگەر بەشێک لە عەورەتی دەربکەوێت ئەوا حەرامە. بەڵام ئەگەر نەترسا لەوەی عەورەتی دەربکەوێت ئەوا ئاساییە؛ چونکە ئەم نەهی کردنە بۆ هۆکارێکی زانراوە بۆیە ئەگەر هۆکارەکە نەمێنێت ئەوا نەهی کردنەکەش نامێنێت، هەروەکو لە گێڕانەوەیەکی تر لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە عەبادی تەمیمەوە دەڵێت: (رأى رسول الله -صلى الله عليه وسلم- مستلقيًا في المسجد، واضعًا إحدى رجليه على الأخرى) واتە: (پێغەمبەری خودای بینی -صلى الله عليه وسلم- پاڵی دابووەوە لە نێو مزگەوتەدا، ویەکێک لە پێیەکانی لەسەر ئەوی تر بوو).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8955

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee